## گۆرانی و میوزیكی ڕەسەنی كوردی لێمان تورەن ... هێمن عومەر

Hemn_@yahoo. co. uk



میوزیك ئاوازی ڕۆحەو لەگەل بەیانا چ ڕۆحێك هەیە لەگەڵ گۆرانی جادە چۆل و سێبەر بووی (قادر كابانا) تاسەیەك بە ڕۆحیدا نەهاتبێت بەڵام هەموو ئەو گۆرانیوو مۆسیقایانەی كە ڕۆحیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایە سەماكردن ئەمڕۆكە خەریكە هێندە لێمان تورە دەبن وەك و ئەوەی هیچ كاتێك نەمان ناسن و ئێمە بە غەریب و نامۆ سەیردەكەن ئاخر چۆن لێمان تورەنابن لەبەرامبەر بە پیرۆزیو بێگەردی ئەوان وائێمە بووین بە گوی گری گۆرانی و مۆسیقایەك كە هیچ جیاوازی نیە لە گەڵ دەنگی تۆپ و لوغ و ئەو تەقینەوانەی كە ئێمەیان بەرەو ئەو هەڵدێرە برد، هەربۆیەش هەموو كات دەڵی لە پرسەی هەموو ئەو میللەتە دانیشتوین دایم دڵ تەنگ و مۆن وەك و ئەوەی هەموو ئەو دنیایە ئی ئێمەبێت بەڵام لە چركەیەكدا دۆڕاندبێتمان.

گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی كوردی نەك هەر تەنها ڕۆحمانی دەهێنایە سەماكردن بەڵكوو لەگەڵ خۆیدا بایەكی شەماڵیشی بەنێو دەروونماندا هەڵدەكرد بەڵام ئەمڕۆكە نەك ڕۆحمان لی وون بووە بەڵكو لە شوێنی ڕۆح كاسەی سەرمان دەڵی خوێنی لێدەڕژێت هەموو كات لە ناو قیژەو هەرای بی بەرنامەیی ئەو میوزیكانەدا سەرمان دەهێشێت.

كام لە ئێمە بی گۆرانی ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە زانیوویەتی نەورۆزەو تامی لە نەورۆز كردوە ئەمرۆش لە شوێنی ئەودا گۆرانی بێژان و چاوەشانی نا هونەرمەند دەیانەوێت جوانترین نمایشی جەستەی ئافرەتێكت بۆ بكەن تاوەك و لە بەر خاتری ئەوە بزانی ئەوە گۆرانی بێژەو گۆرانی دەڵێت.

بەڕاستی جێگەی داخە كە لە بەرامبەر بە ئەو هونەرمەندە گەورەو مەزنانە بە كەسانێك دەوتری هونەرمەند كە نەك هونەرمەند نین بەڵكوو ئەوانە تیرۆریستی هونەرن و جوانیەكانی گۆرانی و مۆسیقای ئەو نەتەوەیە دەدۆڕێنن.

ئاخر ئەگەربێت و پێوەرێك هەبێت بۆ هونەرمەند دڵنیام ئەوانەی ئەمرۆكە خۆیان پی هونەرمەندە لە بادەروو خۆنمایشكەر هیچیان بۆ نامێنێتەوە لەو پێوەرەدا دڵنیام لە هەندێكیان كە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن دەمێننەوە ئەوانەی دیكە وەك و زیوان لە بێژینگەكەدا دێنە خوارەوە.

ئەوەی لەو نێوەندەشدا یارمەتی دەری ئەو تیرۆریستانەیە كە هونەری كوردی بەرەو هەڵدێر دەبەن ئەوە ڕاگەیاندنەكانی خۆمانن كە من هەرگیز لە گەڵ ئەوەدانیم ئەوەی ئەمڕۆكە بەناوی هونەرەوە دەكرێت لە تێكدانی مۆسیقاو گۆرانیدا بڵاونەكرێتەوە چونكە خەڵك ئازادە چیدەكات، بەڵام پێویستە لەسەرڕاگەیاندنەكانی كوردی ئەوە لەبەر چاو بگرن كەدەبێت پارێزەروو خەمخۆری كولتوری رەسەنی ئەو میللەتە بن لەبەر ئەوەی هەموو میللەتێك بە كولتوریەوە ناسراوو بەرچاوە بۆیە پێویستە ڕاگەیاندنەكان ئەو هونەرمەندوو بەڕێزانە لەبەر چاوی ئەو میللەتە گەورەو زەق كەنەوە كە هێشتا بۆنی ڕەسەنایەتی ئەو میللەتەیان لێدێت نەك گۆرانی بێژوو چاوەشی وا گەورە دەكەن كە لەبەر كلیپەكەی نەبێت كەس تاقەتی نیە گوێیی لە قسەشیان بێت.